# ڕوانگەی مێژوویی مەستورەی کوردستانی

**پەژارە ممند ساڵح**
مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی ڕاپەڕین
pazhara.mamand@uor.edu.krd

**پوختە**

لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لە سیاقی کوردیدا ماە شەرەفخانم ناسراو بە مەستورەی کوردستانی(١٨٠٥-١٨٤٨) وەک تاکە خانمی ئەدیبەوان مێژوونوس دەرکەوت. لە زەمەنێکدا فێربوونی خوێندەواری کچان بەشێک بوو لە یاساغکراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی تەنانەت لە ڕۆژئاواش نەببوو بە بەشێک لە کلتور. خانمە کوردەکەمان نەک هەر توانی سنوری خوێندەواری تێبپەڕێنێت بەڵکو بوو بە خاوەنی بەرهەمی نوسراویش لە بواری مێژوو _ شیعر _ شەرع، دەخوازێت دووجار گرنگی مەستورە دیاریبکرێت جارێک وەک وویست و توانستی ژنێک، جارێکی دیکە وەک بەرهەمە نوسراوەکانی. لەم توێژینەوەیەدا بە ڕەوشی شیکاری و بەراوردکاری هەڵسەنگاندن بۆ بوونی مەستورە دەرکەوتە مێژوویەکەی کراوە، تیشک خراوەتە سەر ڕوانگەی مێژوونوسی مەستورە بەرهەمە مێژوویەکەی، مێژووی ئەردەلان (تاریخ اکراد) پێنجەمین کتێبی مێژووی کوردە، لەسەر هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی مێژووی زبدە التوارخ و مێژووی لب التواریخ هاوکات ئامادەیی مێژوونوس لە ناو ڕووداوەکاندا بینا کراوە. بریتیە لە مێژووی سیاسی زنجیرە فەرمانڕەوایانی میرانی ئەردەلان. مۆرکی مێژووی بنەماڵەیی و مێژووی ناوچەیی بەسەردا زاڵە. کاریگەری ڕێبازی مێژوونوسی سونەتی ئێرانی_ئیسلامی بە نوسینی مێژوەکەی دیارە، ڕووبەری جوگرافیای مێژووی ئەردەلان زێدەتر لە دەوروبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەلان دەسوڕێتەوە لەگەڵ کەمێک دەرچوون لە سنوری میرنشین بۆ میرنشینی بابان و ووڵاتی ئێران. ڕووبەری زەمەنی مێژووی ئەردەلان هەر لە دەستپێکی دەسەڵاتیان تا ساڵی(١٨٤٨) نزیک ئاوابوونی دەسەڵاتیان دەگرێتەوە. مەستورە وەک مێژوونوسێک بەیانکەری چەندین جۆر لە مێژووڕوانیە گەرمکیەتی لە پشتیانەوە ڕەوایەتی مێژوویی مافی بەردەوامی بۆ قەوارەی دەسەڵاتی میرنشینەکەی وەربگرێت.

**الملخص**

في النصف الأول من القرن التاسع عشر في سياق كردي ماه شرفخانوم والتى اشتهرت باسم مستورة كردستانية (١٨٠٥ – ١٨٤٨) ظهرت كالمؤرخ الأديب الوحيد . في زمن كانت القرأءة والكتابة بالنسبة للنساء تُعَدُّ من المحظورات في المجتمع الشرقي, بل وحتى في الغرب لم تصبح جزءا من التراث والعادة آنذاك, سيدتنا الكردية لم تكتفِ بمعرفة القراءة والكتابة بل تجاوزت هذا الحد, و وصلت إلى مرحلة التصنيف في مجال التاريخ, والشرع, والشعر, وينبغي ذكر أهمية مستورة مرتين, مرة من ناحية امرأة طامحة قادرة, ومرة من ناحية مصنفاتها . في هذا البحث تم بيان وقياس وجود مستورة وظهورها التاريخي من الناحية التحليلية والمقارنة, وقد سُلِطَ الضوءُ على مجالِها المؤرخي, ومصنَّفها التاريخي, تاريخ أردلان (تاريخ الأكراد) خامس كتاب التاريخ الكردي, تم بناءها على أساس مقايسة المعلومات التاريخية ل (زبدة التواريخ) وتاريخ (لب التواريخ) بالتزامن مع حضور المؤرخ داخل الأحداث . عبارة عن التاريخ السياسي لحكم سلسلة أمراء إمارة أردلان, ويغلب عليها طابع الآل البيتي والجغرافي المنطقي, ويتجلى تأثرها بمنهج المؤرخ الإيراني السني – الإسلامي على كتابتها, ومساحة الجغرافيا لتاريخ أردلان يدور حول المناطق الخاضعة لسيطرة الإمارة على الأكثر, مع خروج قليل من حدود الإمارة لمناطق إمارة بابان ودولة إيران, والمساحة الزمنية لإمارة أردلان شاملة لبداية حكمهم إلى سنة (١٨٤٨) قرب زوال حكمهم, مستورة كمؤرخ تُبيّن لنا أنواعاً من نظراتٍ تاريخيةٍ, تريد أن تأخذ من وراءها الحقَ التاريخيَ وحقَ الدوامِ لكيانِ سلطةِ إمارتِها.

**Abstract**

In the first half of the nineteenth century, in the Kurdish context, Mah Sharaf Khanum, also known as Mastura Kurdistani (1805-1848), emerged as the only female literary writer and historian. During



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

the period, girls' literacy was taboo in Eastern societies, but it had not become part of the culture even in the West. Our Kurdish woman not only was able to cross the boundaries of literacy but also became the owner of written works in the fields of history, poetry, and Sharia. Mastura's importance is desired to be determined twice, once as a woman's will and ability, and once as her written works. This research analyzes and compares the existence of Mastura and her historiographical perspective and historical manifestations. Mastura's historical work, History of Ardalan (Tarikh Akrad) is the fifth book of Kurdish history, it is built on the evaluation of the knowledge of the history of Zabda al-Tawarikh and the history of Lab al-Tawarikh, as well as the presence of the historian in the events. It includes the political history of the Ardalan dynasty. It has the stamp dominated by family and regional history. The influence of the traditional Iranian-Islamic historiography is evident in the writing style of its history. The geographical area of Ardalan's history revolves mostly around the areas under the rule of the Ardalan Empire, with a slight extension beyond the borders of the Empire to the Baban Empire and Iran. The period area of the history of the Ardalans covers the period from the beginning of their rule to the year of the sunset of their government around the year (1848). As a historian, Mastura expresses several ideological tendencies behind the historical narrative that legitimize the continuity of princely authority for the Empire she belonged to**.**

**ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی مەستورەی كوردستانی بە تایبەتمەندیە شیعری و مێژوویی و شەریعەتمەداریەكەی. داكۆكی كردن لە شوناسە كوردییەكەی مەستورە، لەبەرانبەر ئەو گوتارەی مەستورە وەك ئەودیكەی فارس وێنا دەكات.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوەكە لە خوێندنەوەی ڕوانگەی مێژووی مەستورەدایە كە پێشتر وەك پێویست كاری لەسە نەكراوە. هەر هەڵسەنگاندن و داتاشینی بەهایەك كە بۆ مەستۆرە كراوە لە سیاقی شوێنكاتدا بۆی كراوە. دەرهاویشتەی ئەمەش خوێندنەوەی واقیعی مەستورەیە، كە لایەنێكی گرنگی ئەم توێژینەوەیە.

**كێشـــەی توێژینەوە:** كێشـــەكانی بەردەم توێژینەوە كەم كاركردن لەســـەر لایەنی مێژووانی مەســـتورە، لە پانتایی كوردیدا، نەبوونی ســـەرچاوە بە زمانی كوردی لەســـەر مەســـتورە و بەرهەمەكانی، لەبەردەســـت نەبوونی نوســـخەی رەســـەنی مێژووی ئەردەلان. نوسخە بەردەستەكانی مێژووی ئەردەلان(تاریخ اكراد)ی بە پێشەكی و دارِشتنەوەی كەسی دووەم لەبەر دەست دان. بە گوێرەی ڕەسمی بونی زمانی فارسی لە میرنشینی ئەردەلاندا زمانی یەكەمی كتێبی مێژووی ئەردەلان زمانی كوردی نیە.

**پێكهاتەی توێژینەوە**: ئەم توێژینەوەیە پێكهاتووە لە پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و كوردی، پێشـــەكی و چەند باسێك. باسی یەكەم كورتەیەك لە ژیانی مەستورەی كوردستانی. باسی دووەم مەستورە لەئاوێنەی سیاقدا. باسی سێەم ژن لە كتێبی مێژووی ئەردەلاندا. باسی چوارەم كتێبی (تاریخ اكراد) مێژووی ئەردەلان. باسی پێنجەم مێژووڕوانی مەستورە، ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان، دەگرێتە خۆی.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا لە پێناو وورژاندنی پرســـی خەملاندنی مەســـتورە و لێكەوتەكانی زێدەتر پشـــت بە میتۆدی مێژووی _ شیكاری و بەراوردكاری بەستراوە هاوكات میتۆدی مێژوویی _ وەسفی بە پێی پێویست بەكارهێنراوە

**پێشەكی**

دەركەوتنی ماە شـەرەفخانم(١٨٠٥-١٨٤٨) ناسـراو بە مەسـتوورەی ئەردەلانی یان مەسـتوورەی كوردسـتانی. بە تایبەتمەندی ئەدیبەوانی مێژووانی شـەریعەتمداری لە زەمەنی بێ هەڵوێسـت دەرحەق بە ژن و مافەكانی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەم ، مایەی ڕاڤەی جیاجیایە. دەخوازێت لە دەلاقەی ئەدەبی و شـــەرعی و مێژوویی خوێندنەوەی بۆ بكرێت، نـاوازەییەكەی لە ســـیـاقی زەمەنەكەیدا هەڵبســـەنگێنرێت. تەنانەت دەخوازێت لە پانتایی جوگرافیاێكی نزیك بە تەواوی جیهان ســـەیری خوێندەواری و بەرهەمداری ژنێك بكرێت كە هێشـتا ژنان بچوكترینی مافەكانیان بەدەسـت نەهێنابوو، قسـەكردن دەبارەی مافەكانیان تەنانەت رووبەرێكی بچوكی لە فەزای گشـــتی نەگرتبوو. ئەمە دەمـانخـاتە بەردەم دووبـارە خوێندنەوەی ژن لەنـاو واقیعی كۆمەڵایەتی كوردستان. جیاوازای دنیابینی كۆمەڵگای كوردی بۆ پێگەی ژنان. بەر لە هەشتاكانی سەدەی نۆزدەیەم هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا گۆڕانكاری ئەوەندە چۆنیەتی لە ڕەش و حاڵی ژناندا ڕوویان نەدابوو، لە كۆنتێكسـتی كوردیدا مەسـتورەی كوردسـتانی سـەریهەڵبڕی توانی ببێت بە سـەلمێنەری وجودی ژنانەی خۆی لەلایەك، گێرەڕی رۆڵی لە ڕەوتی گەشـەسـەندنی فەرهەنگی ئەو

زەمەنە کە بریتی بوو لە زانینی خوێندن و نوسـین لەلایەکی دیکەوە. ئەم زانینەش چەند دەرکەوتەیەکی لە مەسـتوورەدا بەدیار کردبوو هۆزانڤانێکی خاوەن بیست هەزار بەیتە شـیعر، پیرەمێرد گووتەنی کچە کوردێکی درەوشـاوە بە شـیعر لە ئاسـمانی کوردستان. لە ڕیزی شاعیرانی وەک نالی و یەغمای جەندقی شاعیری فارسی.

لە پانتایی کلتوری ئاینی ئەو زەمەنەدا دەرککردنی مەسـتوورە بە ڕەوش و نیازی پێویسـتی ژنانی سـەردەمەکەی بۆ ڕوونکردنەوەی پرسە شـەرعیەکان وە دواجار لێکەوتەی ئەم پرۆسـەی دەرککردنە نووسینی نامیلکەیەکی شـەرعی بوو بە ناوی (عقاید). بە ئامانجی خزمەتکردن بە ئەودیکەی خاوەن نیاز لەم بوارەدا، زێدەتر تاقەنەیی مەستوورە لەم بوارەدا درەوشاندەوە .

بیرکردنەوە لە پێویسـتی نوسـینەوەی مێژوو لە ناو کورد لەدوای نوسـینەوەی مێژووەکەیان لەلایەن ئەودیکە(ناکورد)وە سـەریهەڵدا، ئەم هەوڵە ئەگەرچی درەنگ بەڵام پرشـنگدار بوو ڕەگی لە دروسـتبونی سـەرەتایەک لە هەسـتی نەتەوەیی خەونی جیابوونەوە لە ئەوانیدکە، دابڕینی سـنورێک بۆ مێژووەکەیان دابوو. شـەرەفخانی بەدلیسـی لە میرشـینی بۆتانەوە بە مێژووی شـەرەفنامە ئەم تۆوەی چاند. بە زەمەنێکی هێواشـدا لە مێژوونوسـەکانی میرنشـینی ئەردەلاندا بەرە بەرە سـەوز بوو سـەرەڕای کەموکورتیەکان و نەنووسینیان بە زمان کوردی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری هەستی کوردبون نەتەوەیی. بەشێکی ئەو پێشینە مێژوونوسیە کوردیە بە دەست و خامەی مەستورەی ئەردەلانی و بەئاگایی لە قۆستنەوەی پێگەکەی لەناوەندی کۆشکی میرنشین ئەردەلاندا گەڵاڵەکرا. وەک تاکە ژنی مێژوو نوسی کوردی. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەو سەردەمی جیهان بدەینەوە بێ شک دەبینین کە ژنی وا تا ئەو چەرخە لە ناو هیچ میلەتێکدا سـەریهەڵنەداوە: یەکەم ژنی مێژوونوس لە هەموو جیهان و یەکەم یەکەم خاتوونی خاوەن شەرعیات لە هەموو دنیای ئیسلام(ڕۆحانی، ب ٢ ،٢٠١١: ٢٦٣).

**(١-١) کورتەیەک لە ژیانی مەستورەی کوردستانی**

ماه شـەرەفخانم ناسـراو بە مەسـتورەی ئەردەلانی یان مەسـتورەی کوردسـتانی. لە سـاڵی (١٨٠٤) لە شـاری سـنە لە دایک بووە(کردسـتانی، ١٩٦٤:ت) کچی ئەولەسـەن بەگ (ئەبو حەسـەن بێگ)کوڕی موحەممەد ئاغای نازیری کوردسـتانیە باپیری خەزنەداری والی ئەردەلان بووە.باوکی لە پیاو ماقوڵانی ئەو دەورانە بووە (ڕۆحانی، ب ٢٠١١،٢؛٣٦٢) لە بنەماڵەی قادری یەکێکن لە بنەماڵەکانی کوردسـتان سـەرەتا نیشـتەجێی هەمەدان بوون. دواتر لە شـاری سنە جێگیربوون(اکبر،١٣٨٤: ٢١٠). دایکی مەستورە مەلەک نیسـا خانم لە بنەماڵەی وەزیرەکانی سنەیە، زۆر لە دیوانی ئەردەلانییەکاندا دەسیان ڕۆیوە بنەماڵەیەکی وێژەوان بوون(کۆمەڵێک نوسـەر،٢٠٠٥: ٢٥). کەسـایەتی گرنگی وێژەیی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی لەم دوو خانەوادەیە هەڵکەتوون، لە وێنەی میرزا عبدوللە سنەیی نوسـەری( حدیقە امان الهی) علی ئەکبەر ڕوداونوسی کوردستانی نوسـەری(حدیقە ناصـریە و مرآت المـظفر)، میرزا خوڕەم وەزیری هۆنراوە نوس. مناڵی مەسـتورە لەو فەزا فەرهەنگیەی ئەم دوو بنەماڵەیە خولڤاند بوویان گوزەرا. سەرەتای خوێندەواری و فێربونیشی لە چوارچێوەی بنەماڵەکەیدا دەستی پێکرد. زانستی ئەدەبی و ئاینی لەسەر دەستی باپیری فێربووە. لەگەڵ ئەبو حەسەنی باوکی سەردانی شوێنە جیاوازەکانی کوردستانیان کردوە، مەستورە لە ساڵی (١٢٤٤ک) لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا هاوسـەرگیری لەگەڵ خسـرەو خان ناسـراو بە ناکام دەکات(قنبری،١٣٨٥: ٥٦). هاوسـەرگیری مەسـتورە بە نزیکەیی هاوسـەرگیریەکی ناچاری بوو. لە پێناو کۆتایهێنان بە کێشـەی نێوان بنەماڵەی قادری و بنەماڵەی ئەردلان هاوسـەرگیری سیاسی مەستورە لەگەڵ والی میرنشینی ئەردەلان ڕێکخرا، لە مێژووی کورد(تاریخ اردلان) مەستورە ئاماژەی بە ڕەهەندەکانی ئەم کێشـەی نێوان بنەماڵەکەی و میرنشـی ئەردلان کردوە: بۆ پتەو کردن و چەسپاندنی نێوان تەبایی و نێوان کۆکی لە ئەنجام دا بەندوبەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خوسرەوخان دا سەروبەرنراو بەو پەڕی شان و شکۆوە پێم هاویشتە حەرەمسـەراوە...(کوردستانی،١٩٨٩: ٢٠٢). خسـرەو خان لە هەمانکاتدا هاوسـەری والیە خان (حوسنی جهان) کچی فەتح علی شـای قاجار بوو(سنندجی،١٣٧٥: ٤٥٩). بە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشـی لە شـاری سـنە توشـبونی خسـرەوخان بە نەخۆشی جگەر لە ساڵی(١٢٥٠) کۆچی دوای دەکات(کوردستانی.١٩٨٩: ٢٠٤). کێشە و ناکۆکی ناوخۆی و دەست تێوەردانی حکومەتی قاجار لە کاروباری میرنشـین مەسـتورە و بەشـێک لە بنەماڵەکەی ناچار بە کۆچکردن لە سـنەوە بۆ شـاری سـلێمانی دەکەن . مەسـتورە تا کۆتای ژیانی لە سـلێمانی دەمێنێتەوە دواجار لە سـاڵی( ١٢٦٤) بە هۆی نەخۆشـی گیان لە دەسـت دەدات(اردلان، ١٩٤٦: ٢١١)

**(٢_١) مەستورە لە ئاوێنەی سیاقدا**

بینینی ڕاسـتگۆیانەی ڕوانگە مێژووی ئەدەبی شـەریعەتمەدارییەکەی مەسـتورە بەراوردکردن و مەزەندەکردنی دەخوازێت ئاوڕێک لە زەمینەی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەیەم ئەو ژینگەیەی مەستورەی تێدا سەوز بوو نسبەت بە ژن بدەینەوە. سیستەمەکە تا کوێ لەگەڵ ژندا بووە، جۆری ئەم لەگەڵ ژنبونە چۆن بووە، تاچەند لە گەیاندنی ماه شـەرەفخانم بە ئاسـتی مەسـتورەی ئەردەلانی کۆمەکی کردووە، لە کوێدا ڕێگر و ڕێگەخۆشـکەر بووە، ئایا جەسـوری ویسـتی مەسـتورە بوو لە چاو ژنانی سـەردەمەکەی ناوی خرایە ناو پەڕاوی مێژوو، یاخود هەلومەرجی ڕەخسـاوی بنەماڵەکەی و ژینگە کلتوریەکەی بوو، هەڵبەت



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەر لە دەستەبەری زەمینەی مەرجی لەبار کە ڕۆڵی بونیادی هەیە لە پێگەیاندنی هەر کەسایەتیەک، ڕەهەندە خود فێرکاری خودپەروەردەیی خود فەراهەمکاریەکەی مستورە لێرەدا بنچینەیترە، بە تایبەت کە دەبینین تاکە ژنێکە لەم باخەدا بە شکۆفەی شیعر و مێژوو سەر دەردێنێت. هەرچەند گرنگی ئەو ڕەخساندنەش تا سنورێک بێت و باوەشی ئەو باوکەش کە مەیلی سروشتی و شەقی ڕاستەقینانی لە پەروەردەکردن و بە هێز کردنی جگەرگۆشاندا زۆر بوبێت(کوردستانی،١٣: ١٩٨٩)، ئاوا ڕۆڵی تاکیەتی مەستورە، هۆش و زیرەکی و وریایی و زەوقی سروشتی(ڕۆحانی، ب٢ ،٢٠١١؛٣٦٢) هەوێنیە لەم پرۆسەی کارلێککردنە. خەملاندنی ئەم ڕۆڵە هەوێنیەی مەستورە پێویستی بە ڕوانینیەتی لە دەلاقەی سیاقێکەوە. زیادەڕەوی نیە ئەگەر پەنجەرەی هەر کۆمەڵگەیەکی جیهانی سەدەی نۆزدەیەم بکەین بەو دەلاقەیە، لێیەوە بەهایەک بۆ مەستورە دەرکەوتەکانی بتاشین کە بارودۆخی ژنان لەو سەردەمەدا بە نزیکەیی چونیەکە. تەنانەت لەو سەردەمەدا ژنان لە هیچ کوێیەکی دنیا مافی دەنگدانیان نەبوو، گۆڕانکاریەکانی دۆخی ژیانی ژن بەهۆی بزوتنەوە و هەوڵەکانی بە دەستهێنانی ماف لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەرە بەرە دروست بوون. بزوتنەوەی مافی دەنگدان لە ئەورپا و وولاتە یەکگرتووەکان لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی(فریدمەن،٢٠٠٦: ٦٥). کەواتە ڕوانین بۆ مەستورەی کوردستانی لە پانتای گشتی سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووی دنیابینی بۆ ڕۆڵ و مافی ژنان لە کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی جیاوازی چلۆنایەتی ئەوەندەی نیە تا هەڵسەنگاندنی مەستورە لەو ڕوانگە گشتیەوە دابڕێنین، بارودۆخی زۆربەی ژنان لە جیهاندا و بەشێکی زۆر لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین، کۆمەڵگا گوند نشینەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی ئەورپا تەنانەت تەواوی کۆمەڵگا گوندنشینەکان هیچ بەرەوپێشە چوونێکی شایەنی باسی بە خۆیەوە نەبینیبوو(هابسبام، ١٣٨٥: ٢٥٤) ژنانی ڕۆژهەڵات لە تەواوی سەردەمەکان لە دۆخێکی کێشە سازدا بوون(رایس، ١٣٨٣: ٧٨). ئافرەتی کورد وەک هەموو ئافرەتی جیهان، بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی زۆر و ستەمی کۆمەڵ بوون(ئەحمەد، ١٩٩٦: ٤٢) ڕەوشی ژنانی ئێران بە کەمێ ووردە جیاوازییەوە درێژکراوەی هەمان ڕەوشی گشتی ژنان بوو، تەنانەت ئێرانی سەردەمی قاجار درەنگتر لە هەندێ وولاتانی ڕۆژهەڵات وەک دەوڵەتی عوسمانی و میسر بە ڕووی جیهانی مۆدێرنەدا کرایەوە، دەبارەی پرسی ژنان وەک تەواوی مەسەلەکانی دیکە ئێران درەنگتر لە دەوڵەتی عوسمانی زەمینەی چاکسازی تێدا فەراهەمکرا. یەکەمین خوێندنگەی کچان لە ئەستنبوڵ لە ساڵی(١٨٥٨ز) کرایەوە لە کاتێکدا لە شاری تاران لە ساڵی (١٩٠٧ز) کرایەوە(Keddie, 2007:68)باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی شاری سنە کە ناوەندی ژیانکردنی مەستورە بوو، بەدر نەبوە لەو تەنگەژە نایەکسانیە ڕەگەزیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سەدەی نۆزدەیەم، بەتایبەتی ئێرانی سەردەمی قاجار کە میرنشینی ئەردەڵان لە ماوەی ژیانکردنی مستورە پێش ئەویش لە ڕووی کارگێڕییەوە بۆ ئەوان دەگەڕانەوە. پرسی بێ بەشبونی ژنان لە مافی سادەی خوێندن دامەزراندنی خوێندنگە بۆ کچان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوەندە جیهانیەکان بەرە بەرە مشتومڕی لەسەر دەکرا، ژمارەی خوێندنگەی کچان لە فەڕەنسا لە ساڵی (١٨٨٠) سفر بووە لە ئینگلتەرا خوێندنگەی حکومی تا ساڵی(١٩٢٠) بونی نەبووە(هابسبام، ١٣٨٢: ٢٦٦_٢٧٧) . واتا چەندین دەیە دوای مستورە مافی خوێندن و خوێندەواری ژنان وەک بەشێک لە کارنامەی دەوڵەت کاری لەسەر کرا. لە ساڵی (١٨٣٧) هەوڵی کردنەوەی خوێندنگە بۆ کچان لەلایەن مسیۆنەرە ئەمەریکیەکان لە شاری ئورمیە بۆ خێزانە ئەرمەنیەکان درا، بەڵام کچان تا ساڵی (١٨٧٠) بەشداریان نەکرد لە پرۆسەی خوێندن بە هۆی ئەو تێڕوانینە نەرێنیەی دەبارەی خوێندنی کچان هەبوو، پێیان وابوو ئامانجی ڕۆژئاواییەکان لە کردنەوەی ئەم خوێندنگانە گۆڕینی بیروباوەڕی ئاینی خەڵکیە(آفاری،١٣٨٥: ٢٣٩-٢٤٠). سیمای زاڵی کۆمەڵگای قاجار کەمرەنگی و نادیاری ژنان بوو. گۆشەنشینی ژنان کاریگەری لەسەر شیوە ژیانی ئەم دەورەیە دانابوو (Ansari&Martin,2002:21). ئەگەر ئەمە تێڕوانینی کۆمەڵگای ئێران بێت دەربارەی خوێندنی کچان، ئاخۆ ڕەوشی کەمینە نەتەوەییەکانی نیشتەجێی قەڵەمڕەوی ئێران چۆن بووبێت. لە تەواوی کۆمەڵگای ئێران و ئەو کۆمەڵگایانەی لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ئێران بوون تەنها ئاماژە بە هەوڵە تاک و تەراکەی مسیۆنەرە ڕۆژئاواییەکان کراوە لە ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆ کچان ئەمەش هەوڵێکی دڵۆپەیی بوو دیدگای دەستەجەمعی نە گۆڕی دەربارەی خوێندنی کچان. تا ئینقلابی مەشروتە(١٩٠٥) هیچ خوێندنگەیەک بۆ کچانی موسڵمان بونی نەبوو(کسروی،١٣٦٣: ٢٤٤) تەنانەت ئەو خوێندنگانەی لەلایەن مسیۆنەرە ئەمەریکی و ئەورپیەکان کرانەوە زیاتر لەو ناوچانە بوون کە کەمینە ئاینەکانی تێدا نیشتەجێ بوون. کچانی کەمینە ئاینەکان هەلی خوێندنیان زیاتر بوو. موسڵمانان نەدەچونە ئەو خوێندنگانە بەهۆی ئەوەی دامەزرێنەرەکانیان مەسیحی بوون(دلریش،١٣٧٥: ١٢٤). دامەزراندنی خوێندنگەی کچان حاڵەتێکی ئەوەندە ناوازە بوو سرنجی دیبلۆماسیەکانی ڕۆژئاواییەکانی بە خۆیەوە ڕاکێشابوو(WILLEM&FLOOR, 2010: xxii) .

زەقکردنەوەی لایەنی خوێندەواری و پاشان نوسەریەکەی مەستورەی کوردستانی بەندە بە شازی حاڵەتی خوێندواری ژنان لەو زەمەنەدا. نرخی ناسینی مەستورە و نوسینەکانی لەوەدایە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ژنان تەنانەت لە ئەورپاش مافی دیاریکراویان بە خۆیەوە نەدیتبوو(کوردستانی،١٩٨٩: ٤١) .خودپەروەردەییەکەی مەستورە ڕەنگدانەوەی لە مێژوونوسی،

شـیعر هۆنینەوە و نوسـینی کتێبی شـعرعییات، کە کەمترینی ئەوانیدیکە بیریان لێکردۆتەوە، لەو فەزا کلتوریە تەنانەت کەمتر کراوە بە ڕووی پیاوان و داخراو بە ڕووی ژناندا. غیابی مەیدانەکان بۆ بەیانی تواناو خواسـتیان، مەسـتورەی ڕەتبوی ئەو بەربەسـت و سـنورانە دەرکەوتنی وەک تاکە ژنی مێژوونوس و ئەدیبەوان و شـەریعەتمەدار، دەکرێ بڵێین ڕوداوێکی شـازە، لەلایەک نیشـانەی ڕەسـەنیەتی خەسڵەتی فەرهەنگدۆستی و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردییە، ژندۆستی لەلایەکی دیکەوە. دیریک کینان گووتەنی ژنی کورد خاوەن برێکی زۆر لە ئازادییە پتر لە ژنانی دراوسێی وەک عەرەب و تورک و فارس(سندی، ٢٠٠٨: ١٤١). ڕاستی جیاوازی نێوان ژنی کورد لەگەڵ ژنانی نەتەوە دراوسێکانی وەک عەرەب و تورک و فارس لەهەمبەر ماف و ئازادیەکانیانەوە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە پشت ڕاست کراوەتەوە.

**(٣-١) ژن لە کتێبی (مێژووی ئەردەلان)**

ئاگایی نوسینەوەی مێژوو کورد لەلایەن کوردێکەوە بە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی(١٥٤٢-١٦٠٤) دەستی پێکرد، بە مەلا محمد شـەریف(١٧٣٩- سـاڵی لە دایکبوون) لە مێژووی (زبده التواریخ)، بە محمد ئیبراهیم ئەردەلان لە مێژووی (ذیل شرفنامە ١٨١٠ ساڵی نوسین)، خوسرەو بەگی ئەردەلان(١٧٨٨ ساڵی نوسین) لە مێژووی(لب التواریخ) تێپەری و لە مێژووی ئەردەلانی (تاریخ اکراد) لە نوسـینی مەسـتورەی کوردسـتانی ئەو هەواڵە ناوازە بوو نسـبەت بە کورد، بەتایبەت کە پێشـتر ئەویدیکەی (ناکورد) هەڵساوە بە کردەی نوسینەوەی مێژووی کورد. پێنجەمین هەوڵی نوسینەوەی مێژووی کورد لەلایەن ژنێکی کوردەوە هەواڵێکی دڵخۆشـکەر بوو، ئاوادانکردنەوەی کتێبخانەی کوردی لە سـەدەی نۆزدەیەمدا بە پەرتوکی ژنێک. مەسـتورە وەک نوسەری مێژوو پەلکێشی دوو پرسی تێکهەڵکێشمان دەکات، لەلایەک ژن وەک بکەری بەشداری ناو مێژوو ، مێژوونوسی ژن لەلایەکی دیکەوە. داگیرکردنی پانتایی مێژوو بە ڕەگەزی پیاو و تۆمارکردنی پیاوانەی ڕووداوە مێژوویەکان، پیاو وەک بکەر و نوسـەری مێژوو دەمانخاتە بەردەم پرسـیار لە چیەتی مێژوو، ئەمە چۆن مێژوویەکە، کە تێدا براوەکان، دۆڕاوەکان، بزوێنەر و بنیاتنەرەکان کاولکەر و ڕوخێنەرەکانی، ژێردەست و سەردەستەکانی تەواوی یەکەکانی ناوی بریتیە لە پیاو، ئەگەر لە کون و کەلەبەرەکانی مێژوو شـتێکمان بەرچاو بکەوێت بە ناوی ژن.ئەویش لە سـنورێکی کەمدا. هەر لە بەرەبەیانی مێژوو ژن بە ناونیشانی نیوەی کۆمەڵ و ڕۆڵیان لە وێنەی پەروەردەکار، بەخێوکار ، دەسترەنگین و یەکەیەکی کاریگەری ناو خێزان و بەشـدار لە ڕەوەندی ژیان لە هەموو شـوێنکاتێکدا، بەڵام بە ئامادەبونێکی پەراوێزخراو، نزیک سـنوری سـڕینەوە براو لە مێژوودا. هۆکاری ڕۆڵپەنهانی ژنان لە مێژوودا، نەبوونی دەورییان بووە لە ڕووداوەکاندا کە بە مێژوو تۆمارکراون، یاخود بەهۆی جۆری ڕۆڵگێڕانەکەیان کە وەک کارئەکتەری بنیاتنەری مێژوو ڕۆڵیان نە گێراوە، یان لە لاوازی ژنان بووە لە گرتنە دەسـتی دەسـەڵاتی نوسینەوەی مێژوو، نەبووە بە بەشـێک لەو دەستانەی مێژوویان تۆمارکردووە. ئەگەر پەڕاوەکانی مێژووی تەبەری و شـەرەفنامە هەڵبدەینەوە باس و خواسـیان پیاوانەیە. لای گەورەترین مێژوو نوسـی ئێرانی ئەبوفەزڵ بەیهقی(٩٩٦-١٠٧٧) پیاوان گەورەترین ڕەگەزی پێکهێنەری مێژوون، هەر بەم بۆنەیەوە سەیری هەر لاپەڕەیەکی مێژووی مەسعودی بکەین کارەکانی پیاوان دەبینین کە لە دۆخی بنیاتنان یان کاولکردنی شـتانێکن لە مێژوودا(براهنی،١٣٦٣: ٢٧). دەکرێت ئۆباڵی کەمتەرخەمی کەمڕەنگی ژنان لە مێژوودا بە شێکی بۆ خودی یەکەی تۆمارکەری مێژوو بگەڕێتەوە. مێژوونوس هەڵدەبژێرێت، تەواوی زانیارییەکان لە ڕابردوا تۆمار ناکات، بەڵکو ئەوانەی کە بەلایەوە گرنگن. بە پێچەوانەوە دەیانخاتە لاوە(تۆین بی١٩٧٦: ٢٥). ئایا چی بۆتە هۆی ئەوەی نیوەی کۆمەڵ لەلای تۆمارکەری مێژوو وەک فاکتی مێژوو هەڵنەبژێردرێت و بخرێتە لاوە. پێویسـتە پرسـی ڕۆڵی ژن لە مێژوودا ببێتە کەرەسـەی خاوی پرسـیارێکی بونیادی تر لە بوونی مێژوو. مێژوو تۆماری سـەرگوزشتەی حاڵ و ئەحواڵی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایە، بەڵام زۆر بە ئاسـانی ژن بە ناونیشـانی نیوەی ئەو کۆمەڵگایە تۆمار ناکات.

ڕۆڵی ژن لە مێژووی ئەردلانی مەستورەی کوردستانیدا لە کوێی ئەو چاوەڕوانیە دایە کە لە ژنێکی مێژوونوس دەکرێت لە بە مێژوو کردنی ژندا وەک یەکەیەکی کارا کە بۆ بیناکردنی مێژووەکەی هەڵدەبژێرێت. ئەگەر سـەیری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پانتایی مێژووەکەی بکەین نەک هەر ژن یەکەیەکی کارای ناو فەزای مێژووەکە نیە کە ژنێک بەرهەمی هێناوە، بەڵکو پیاوانیش بەشـێوەیەکی دەسـتەبژێر تێدا بەشـدارن، ئەوەی گرنگە بزانین هۆی ئەوە نەویسـتنی بەشـداری پێنەکردنی ژن نەبووە لە مێژووەکەیدا. دەکرێت هۆی ئەمە لە کۆڵانەکانی ئەو سـیاقەی مەسـتورەی وەک ژن و مێژوونوس گرتبو خۆی، دابێت. ئەگەر ڕێبازبەندییەک بۆ مێژوونوسـی مەسـتورە بکەین ڕەنگدانەوەی گوتاری باوی ئەو سـیاقە دەبین بەسـەر ئەو ڕێبازەی مەسـتورە پەیرەوی کردوە. مێژوونوسـی سـونەتی ئێرانی بە ڕەنگ و بۆی مێژوونوسـی ئیسـلامی مۆرکی دیاری بریتیبوو لە پادشـا و سیاسـەت سەنتەری ڕەوش و حاڵی دەستەبژێران. باڵادەستی شێوازەکانی زانستی کەلام، زانستی حەدیث. کە بوار بە ئامادەیی نەخشی مێژوونوس لە مێژووەکەی خۆیدا نادات(قیداری،١٣٩٧: ٢٩) شوێنێک بۆ ژن لەم ڕەوتە مێژوونوسیەدا نیە کە سرنجی مێژوونوسـەکە لەسـەر تەواوی ڕەگەزەکانی ناو کومەڵگا نیە و بارگاوییە بە هزرێکی دیاریکراو. جگە لە بونی لە لابەلای



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

مێژووودا. مێژووی مەستورە پێکێنەری مەرامی ئەو ڕەوتە مێژوو نوسیەیە. مێژووی سیاسی، زنجیرە میرانی ئەردەلان، دۆخی سیاسی ناو کۆشکەکان. بینینی دەستەبژێر وەک کارگەی بەرهەمهێنانی مێژوو.

پێگەی ژن لە مێژووی ئەردلاندا درێژکراوەی هەمان ئەو مانایە کە دراوە بە ژن بە درێژایی مێژوو. بە پاشکۆ ناوهێنانیان. ئەویش لە سنورێکی کەمدا، تەنانەت لە ناوهێنانی دایکی نەک باسکردنی ڕۆڵی خۆی لاداوە. لە لاپەڕە (٥٣) ی مێژووەکەیدا ڕووبەڕووی ژنە بڵباسیەک دەبینەوە بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی لەڕێگەی نیشانەی وەک جوانی و ژیری و زیرەکی باسکراوە، لە نوسینەوەی ڕوداوەکانی قۆناغی ژیانی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ باسی نەخشی هەریەکە لە والیە خانم خێزانی یەکەمی هاوسەرەکەی توبا خانم کچی عەباس میرزای لە کێشە و ململانێی میرشینی ئەردلاندا دەکات.

**(٤_١) کتێبی(تاریخ اکراد) مێژووی ئەردەلان**

تاریخ اکراد یان مێژووی ئەردەلان پێنجەمین کتێبی مێژوویی کوردە، دەربارەی یەکێک لە تەمەن درێژترین میرنشینە کوردییەکانی فەرمانڕەوایی بەشێک لە خاکی کوردستان، لە ساڵی (١٢٦٢ ک) لەلایەن مەستورەی کوردستانی نووسراوە(اردلان ،٢٠٠٥: ٢٢) . مێژووی سیاسی میرنشینی ئەردەلانە نەک تەواوی کوردستان. چوارچێوەی زەمەنی مێژووی کورد، ڕووداوە سیاسیەکانی میرنشینی ئەردلان هەر لە سەرەتاوە تا ساڵی(١٨٤٣) گرتوتە خۆی، وێنەیەک لە پەیوەندی نێوان میرنشینی ئەردەلان و بابان، پەیوەندی میرنشینی ئەردەلان بە وولاتی ئێران هەر لە سەردەمی سەفەوی و ئەفشاری و قاجاردا، پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران کاریگەری لەسەر کوردستان، شەڕی نێوان ئێران و ڕووسیا بە شێک لە شەڕەکانی ئەفغان لە ئێران، دەخاتە ڕوو. هاوکات کورتە ئاماژەدانێک بە لایەنی ئاودانکردنەوە بنیاتنانی شوێنە گشتیەکان، لایەنی سەربازی میرنشین. مەستورە لە سەرەتای کتێبەکەیدا تا سەردەمی ئەمانوڵاخانی گەورە زانیارییەکانی لە کتێبە مێژووییەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، هەر بۆیە زانیارییە گوێزراوەکانی ئەو سەردەمەی کە خۆی وەک بینەر و بیسەر ئامادە بوو بە تایبەت سەردەمی هاوسەرەکەی و ڕەزا قولی خان تا نزیک کۆتایهاتنی میرنشینی ئەردلان، کێشە ناوخۆییەکانی دەربار، گرنگی تایبەتی مێژووییان هەیە.

ئەو کۆمەڵە مێژوونوسەی لە دوای شەرەفخانی بەدلیسی لە ئاکامی هۆشیاری لە هەستکردن بە پێویستی نوسینەوەی مێژوو دروستبوون، لە ناو میرنشینی ئەردلان دەرکەوتن، ڕۆڵێکی بنچینەییان هەبوو لە دامەزراندنی بناغەی مێژوونوسی کوردی. لە دوای مەستورە لە عبدلقادر ڕۆستەم بابانی، علی ئەکبەر ڕوداونووسی کوردستانی، میرزاشکرالله سنەیی بەردەوامی پەیدا کرد. گرنگی ئەو کارەی ئەوان ئەوەندەی لە ڕسکانی هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری مێژوویی، گواستنەوەی لە ئاستی زارەکی بۆ نوسراو دایە، ئەوەندە لە داهێنانی شێوەیەکی نوێی مێژوونوسیدا نیە. یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی مێژوو کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاستیەکانن، کە بنەمایەکن بۆ هەڵهێنجانی زانستی مێژوو لێیانەوە(پروفەیف،١٣٦٠: ٩٨). مێژووی ئەردەلان لایەنێکی گرنگی ئەو هەگبەیە پێکدەهێنێت، مەستورەی ئەردەلانی بە ختێکی باشتری هێنا بە بەراورد بە شەرەفخانی بەدلیسی لە نوسینەوەی مێژووی کوردان، کاتێک شەرەفخان دەست بە نوسینەوەی مێژووەکەی دەکات نەک هەر کتێبێکی لە بەردەستدا نیە تایبەت ئەو مێژووە بگێڕێتەوە، بەڵکو تەنانەت کتێبی ئەوتۆ هەن سەرلەبەری ئەو مێژووە دەشێوێنن(لەشکری،٢٠١٥: ٧)، ئەمجارە مێژوونوسەکەمان پاشخانێک لە مێژووی نوسراوی لەبەر دەستە، شەرەفنامە، زبدە التواریخ، لب التواریخ.

سەرچاوەی چەند جار بەکارهێنراوی مێژووی ئەردلان زبدە التواریخ لە نوسینی محمد شەریف قازی بێگ، ئەم مێژوونوسە کوردە لە هەناوی دەزگای سیاسی ئەردەلانەوە هۆشی مێژوونوسی چەکەرەی کردووە، بە پلەی دادوەری چەندین ساڵ لە دەرباری خسرەوخانی دووەم خزمەتی کردووە. هەر بە خواستی ئەویش دەستی بە نوسینەوەی مێژووەکەی کردووە.(قازی١٣٧٩، ٨) زبدە التواریخ لە دوانزە بەش پێکهاتووە، بەشی یانزەیەمی تایبەتە بە مێژووی ئەردەلان. دووەمین مێژوویە لە دوای شەرەفخان مێژووی نوسی کوردی هەنگاوێکی دیکەی بردە پێشەوە، چوارچێوەی زەمەنی بەشە تەرخانکراوەکەی بۆ مێژووی خاندانی ئەردەلان هەر لە ڕیشەی کورد و بنەچەی میرنشینی ئەردەلانەوە دەستپێدەکات، بەشێکی زۆری زانیارییەکانی لە کتێبی شەرەفنامەوە وەرگرتووە. تا سەردەمی ئەمانوڵاخانی گەورە. مێژووی لب التوریخ لە نوسینی خسرەو محمد مەنوچەهر ناسراو بە جەوهەری، یەکێک بووە لە نەوەکانی سلێمان خانی والی ئەردەلان. بەرپرسی کتێبخانەی ئەردەلان بووە، لە سەردەمی خسروخانی ناکام، لەساڵی( ١٢٤٩ک) دەستی بە نوسینی مێژووەکەی کردوە(اردلان،٢٥٣٦:الف) هەر لە بنچیەی ئەردەلانەوە تا ساڵی (١٨٣٣) بە حوکمی ئامادەبونی لە ناو جەرگەی ڕوداوەکانی میرنشینی ئەردلان زانیارییەکانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمانوڵاخانی گەورە خسرەوخان گرنگی مێژووییان هەیە. بەشێکی زۆری مێژووی ئەردەلانی مەستورەی کوردستانی لەسەر زانیارییەکانی ئەم دوو کتێبە بینا کراوە، بەبێ خۆلان لە ئاماژەدان بە ناویان. بە بەراوردکردنی زانیارییەکانی هەردوو سەرچاوەی ناو هاتوو هەڵسەنگاندنیان لە ئاکامدا ڕەتکردنەوە پشتڕاستکردنەوەیان و زیادە خستنە سەریان لە ڕێگەر زانیارییە بیسترا و بینراوەکانی کە بە ئامادەبوونێکی سرنج ووردانە لە ناو ڕوداوەکاندا بەدەستی هێناون، هۆشیاری بە دەوروبەرەکەی وەک کارگەی بەرهەمهێنانی مێژوو قۆستنەوەی بونی لە ناوەندی میرنشیندا بۆ نوسینەوەی مێژووی ڕووداوە سیاسیەکان،

سەربازییەکان، ململانێی و شەڕەکان کە مانا پێدەری مێژوو بوون لای مەستورە. بونی لە کۆشکی میرنشین و هاوژیانی لەگەڵ والی میرنشین لە سەرەتای مێژووەکەیدا دەڵێت: بەشێک لە ئەوان و لە ژێر سایە و سێبەری ئەوانم(کردستانی، ١٩٤٦: ٣) ، بینەری هەڵبەز و دابەزەکانی بەر لە کۆتایی میرنشین، سەرباری پێگەی بەشێک لە کەسایەتیەکانی بنەماڵەکەی و پەیوەندیان بە میرنشینی ئەردلاندا لە وێنەی باپیری محمد ئاغای نازیری کوردستانی و باوکی ئەبوحەسەن بێگ. دەستڕاگەیشتنی بە پەرتووکخانەی کۆشکی میرنشین، لە ئاکامدا دەرککردنی مەستورە بە گرنگی ئەو شوێنکاتەی کە ئەوی گرتۆتە خۆی، هەڵهێنجانی مێژوویەک لێیانەوە، وەرگێڕانی بیستن و بینینەکانی بە سەرچاوی نوسراو و پڕکردنەوەی کتێبەکەی پێی، (بەڵام بەندەی کەمینە لەگەڵ ڕای یەکەم دام، چوونکە نەنکم یەکێک بووە لە وانەی لە باوەشی ئەو بنەماڵە بەرزەدا پێگەییوە(کوردستانی، ١٩٨٩: ١٠٧). هەرچەندە لە کتێبانم دا بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام وەک لە بەرینانم بیستوە(کوردستانی، ١٩٨٩ :٣٤) من ئەو کەمینەیەم بە چاوی خۆم دیتوە باڵوێزی ڕووس و ئینگلیز لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (کوردستانی، ١٩٨٩: ٤٢).

گێڕانەوە، دووبارە کردنەوە، لە ڕوودانوسی و شینەکردنەوە، هەڵنەسەنگاندنی ورد، بە نزیکەیی سیمای زاڵی مێژووی ئەردەلانە. لە شوێنێکدا دەڵێت: بەڵام ئەقڵی بێ خەوش و چێژ و سەلیقەی ڕاست ئەم قسەیە ناسەلمێنێ(کوردستانی، ١٩٨٩: ١٥) ئەم دەربڕینە ناوازەیەی مەستورە پێمان دەڵێت کە مێژوونوسی ئەو خاڵی نیە لە وویستی بەشداریکردنی وەک مێژوونوسێک بە هەڵبژاردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەقڵانی لە ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا بە پێی پێدراوە مەعریفیەکەی خۆی. نابێت بیرمان بچێت مێژووڕوانی مەستوورە لە کوێ ئەو مانایەی بۆ مێژوو هەبوو لەو شوێنکاتەدا سەرچاوەی گرتبوو. ڕەنگ و بۆی مێژووەکەی هەمان خاسیەتەکانی مێژوونوسی سونەتی ئیسلامی بە خۆیەوە گرتبوو. تەرخانکردنی مێژووی ئەردەلان(تاریخ اکراد) تەنها بە مێژووی زنجیرە فەرمانڕەوایانی ئەردەلان دەمانخاتە بیری کۆنترین کتێبە مێژوویەکانی دوای ڕوخانی دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلام، دەورانی فەرمانڕەواکان بە ناونیشانی تەنها بنەمای بابەتی مێژوویی بەکار دەهات لە وێنەی (تاریخ خلفاء) ی ابن اسحاق، مێژووی یەعقوبی، مێژووی (اخبار الطول) ی دینەوەری(روزنتال،١٣٦٥: ١٠٥). هەر ئەم پەیوەستکردنەی مێژووەکەی مەستورە بە میرانی ئەردەلان کەم چوونە دەر لە پانتایی جواگرافیای میرنشین کردوویتە هەڵگری سیمای مێژووی بنەماڵەیی و مێژوووی ناوچەیی، مێژووی بنەماڵەیی کە لە یەکەمین فەرمانڕەوا دەستپێدەکات تاکۆتایی(جمع از نویسندگان،١٣٩٨: ٦٤). تەنانەت باسی میرنشینی بابان و بەشێک لە بارودۆخی ئێران هەر لە پەیوەندی بە میرنشینی ئەردلانەوە خراونە ڕوو. سەرەڕای پانتایی دیاریکراوی مێژووەکەی، بەڵام جۆریەتی لە مێژووەکەیدا بەدیناکرێت، لەکاتێکدا مێژووی ناوچەیی بوارێکی فرەوانتری لەبەردەم مێژوونوسدا واڵا کردووە لە هەمەجۆری و ناوەڕکی زیاتر(روزنتال،١٣٦٥: ١٧٣) دەکرا مەستورە بە تیشکخستنە سەر زیاتری ڕەگەزی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی ئاینی و ئابوری ئەو پانتاییە دیاریکراوەی بەردەستی داهێنەری لە مێژووەکەیدا بەرپا کردبا. لە مێژووی ئەردەلاندا دیوە ئاین و ئەدەبیەکەی مەستورە بە هێنانی دەقی شیعری ئاینی و پەند ڕەنگی داوەتەوە.

**(٥-١) مێژووڕوانی مەستورە**

مێژووڕوانی مەستورە بەندە بەو دەلاقانەی لێیەوە دەڕوانێتە مێژوو، چییەتی ئەو دۆخەی کە ئەوی مێژوونوسی خستۆتە حاڵەتی بیر لێکردنەوە و مانا پێدان پێی، دواجار ناو پرۆسەی بە نوسین کردنیەوە، لەچاو ئەو دۆخانەی چانسی هەڵبژاردنیان نەبووە تا بنوسرێنەوە. دۆخی سیاسی زنجیرە فەرمانڕەوایانی میرانی ئەردەلان لە تێڕوانینی مەستورەدا مانایەکی مێژوویان خوڵقاندووە بە بەراورد بە هەر کێڵگەیەکی دیکە سەرنجی مەستورەیان کێش کردووە. وەرچەرخانی مەیلی بەلای مێژوودا لە بڕیارێکی کتووپڕ دەچێت کە پێشتر تا ڕادەیەک وولامی خواستە دەرونیەکەی لە ڕوانگە ئەدەبی و شەریعەتمەداریەکەیەوە وەرگرتبوو وەک ئەوەی بیهەێت نە هێنیەک بە ڕەوشی خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازێتەوە. بەتایبەت ئەو نەهێنیانەی کەوتبونە ناو زەمەنی ژیانکردنی مەستورە، بەتایبەت زەنگی کۆتایی میرنشینی ئەردەلان لە ڕووداوەکانی دوای مەرگی هاوسەرەکەی (خسرەوخانی ناکام ١٨٠٠-١٨٣٤) و دەستتێوەردانی حکومەتی قاجار لە کاروباری ناخۆیی میرنشینی ئەردەلان. هەر لەو سۆنگەیەوە مێژووڕانی مەستورە کە بەسەر ڕووبەڕی مێژووەکەی پەخشبوو لە دەوری ڕەوایی بەخشین بە پاڵەوان وێناکردن و پێدانی جۆرێک لە پیرۆزی بە زنجیرە دەسەڵاتداریەتی میرانی میرنشینی ئەردەلان دەسوڕێتەوە. وەک پەرچدانەوەی ناڕاستەوخۆی حکومەتی قاجار لەلایەک و ئەو دۆخە پڕ لە کارەسات و چارەنوسسازەی کورد لەو سەردەمەدا کە بە هۆی وولاتانی دراوسێ تێیکەوتبوو لەلایەکی دیکەوە. لەمەڕ بەیانکردنی مێژووی ئەو دۆخەی کە مەبەستی بوو بیگەیەنێت هەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا ڕێبازێکی ڕەخنەیی بۆ پێشنیاز کردبوو: بە سروشتی بلێسەدار و زەینی ڕەخنە گرانەوە(کوردستانی،١٩٨٩: ١٣) ئەگەر لە ناوەڕکدا وەک پێویست ڕوداو و زانیارییەکانی بە بێژنگی زەینی ڕەخنەگرانەیدا نەکردبێت، لە لابەلای کتێبەکەیدا ڕێبازە پێشنیازکراوەکەی بە سەریاندا جێبەجێکردووە. هەر لە پێشەکیەکەیدا ڕووبەڕووی دروستکردنی بناغەیەک بۆ سەرەتای مێژووی کوردان دەبینەوە. لەمەڕ ڕیشە و بنچەی ئەردەلان(کوردەکان) سەرەتای دەرکەوتنیان دانانی دەستپێکێک بەمەبەستی

بەخشینی ڕەوایی بە هەبوونیان هەر لەدێر زەمانەوە ئاوێتە بە لێکدانەوەی ئەفسانەیی دەکات، ڕێچکە گرتنی بونی کورد لە ناو مێژوودا لکاندنی بە ئەفسانەی زوحاکەوە لەلای مەستورە هەروەک چۆن لەم گێڕانەوەیەدا پشتی بە شەرفخانی بەدلیسیەوە بەستووە، دوور نیە هەمان نیەتی شەرفخانی هەبووبێت، لە دامەزراندنی ناسنامەیەک بۆ کورد لە ڕیگای مێژوو. ڕەهەندی هەرە سەرەکی ناسنامە لای شەرەفخان ڕەسەنی کوردە ئەو دەستپێکەی رەوایەتی بە هەبوونی ئێستای ئەوان دەبەخشێت(لەشکری، ٢٠١٥: ١٥). داتاشینی ڕەسەنیەتی بۆ کورد لەم گێڕانەوە نامێژوویە سەرچاوە گرتوو لە بۆتەی مێژووی فارسدا کەم تا زۆرێک بە ئاگایی مەستورە دەردەخات لە باوبونی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لای میللەتان بۆ دانانی سەرەتایەک بۆ مێژووە نادیارەکەیان، مێژوو لەسەر بنەمای ئەفسانە لەهەموو شوێنێکدا بونی هەبووە(یاسپر، ١٣٧٣: ١١)، میللەتانی جیهان مێژووەکەیان زۆر یان کەم لە ئەفسانەوە وەرگرتووە(زیرین کوب،١٣٧٥: ٣٢). هەرچەند لای مەستورە لێکدانەوەی ئەفسانەیی وەک یەکێک لە ڕایەکان خراوەتە ڕوو: ئەگەرچی لە مەڕ ڕوونکردنەوەی بنچەکەیان کێشەیەکی بەربڵاو هەیە بە شێکی کە لە ماکی بنچینەکەی ئەو زنجیرە پایە بڵندە پشتی پێدەبەسترێت ئەوەیە..(کوردستانی، ١٩٨٩: ١٢). نەخستنە ڕووی ڕایەکانی دیکە نیشانەی پتەوی لێکدانەوەی ئەفسانیە بەسەر ڕایەکانی دیکە. ئەمەش بەدەر نیە لە چوارچێوەی ڕەوایەتی بەخشین بە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان بە دروستکردنی یەکەمین ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە بە لێکدانەوەی ئەفسانەیی. مەستورە بۆ زیاتر ڕەوایەتی پێدانی بە درێژەدان بە زنجیرەی فەرمانڕەوایەتیان پەنا دەباتە بەر ناوهێنانی ئیمامی دووەمی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی وەک چاوگی پێدانی دەسەڵاتڕەوایی بە میرانی ئەردەلان: ڕۆژگارێک پەڕیوەی وولاتی شام بوون و گیرساونەوە ئیمام حەسەن کردوونیە والی کوردستان وا لەو ساوە هەتا ئێستا کە ساڵ هەزار و دوو سەت و شێست و دووە – لەو دەمی ئەو ئیمامەوە پشتاوپشتیان فەرمانڕەوایی کوردستانن. شایەتی ئەم قسەی منە ئەنگوستیلێکی یاقیقە بە خەتی کووفی نەخشاوە و ئیمام حەسەن بە متفەڕک داویە بە بابە ئەردەلان(موکریانی،٢٠٠٢: ١٧) ئەم بانگەشەیە لای مەستورە بەدەر نیە لە هەمان مەغزایی پشتی لێکدانەوە ئەفسانەییەکەی، ئەگەر یەکەم دروستکردنی سەرەتایەک بێت بۆ مێژووی میرنشینەکەیان، دووەم پێدانی بەردەوامیەتیە بەو سەرەتایە لە ڕێگەی بەخشینی پیرۆزییەتی و مافی خودایی(Divine right) بە فەرمانڕەوایەتیان. لێرەدا هەست بە کاریگەری فکری سیاسی مەزهەبی شیعە دەکرێت لەسەر مێژووڕوانی مەستورە. لە مەزهەبی شیعەدا بنەما و سەرچاوەی فەرمانڕەوایی خوداییە(آقایی دیگران، ج ١، ١٣٨٦: ١٣) دەکرێت ئەم زانیارییە پشتڕاستنەکراوە بانگەشەی خودی مەستورە بێت لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندی ئێران، کە تێدا فەرمانڕەوایی خواستی خوداییە بە حەقی پەیامبەران و لە غیابی ئەوانیشدا بە حەقی ئیمامان و جێنشینان(شاردن،ج ٨ ،١٣٤٥: ١٣٧) دەزانرێت. تا بە ئەوانیدیکە پیشانبدات حەقی فەرمانڕەوای میرنشینەکەیان پشت بەستوویە بە ڕاسپاردەکەی ئیمامەکەی ئەوان مافی بەردەوامی هەیە لە ڕبردوو و داهاتوودا. مافی خودایی لە فەرمانڕەوایدا کە مەستورە بۆ ڕەوایەتی پێدان پەنای بۆ بردوە، هەڵقوڵاوی مێژووڕوانی ئاینی مەستورەیە لە خودا دانان بە بزوێنەری ڕەوتی مێژوو سەرچاوەی گرتووە، ئەم شەقڵە لە مێژووڕوانی لەخۆیدا بەرهەمهێنی مێژووڕوانی دەستەبژێری و ڕێکەوتگەراییە کە لە مێژووی ئەردەلان و مێژووڕوانی مەستورەدا مانیفێست بوون، دەرنەخستنی هۆکاری ڕووداوەکان و نەدۆزینەوەیان، خستنە پاڵ هێزی نادیار و سەروسروشت بە ڕیکەوت زانینان. مێژووڕوانیە دەستەبژێریەکەی کاریگەری مێژوونوسی سونەتی ئێرانی بەسەردا زاڵە لە سەنتەرکردنی چەند کەسایەتیەک لە دەسەڵاتداران لە مێژووەکەیدا خۆلادان لە باسکردنی چین و توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ.

**ئەنجام**

مەستورەی ئەردەلانی زادەی زەمەنێکە کە بوونی خوێندواری نەک بەشێک نەبوو لە کلتوری گشتی، تایبەت بە بەشێک لە پیاوان لە خزمەتی پرسی ئاینیدابوو. فەزای فەرهەنگی بنەماڵەکەی و وویستی مەستورە بۆ گوزارشتکردنی خۆی لە قۆستنەوەی خوێندەواریە سادەکەی بۆ پرۆسەی نوسینی بیرلێکراوە دەرککردنی بە گرنگی ئەو شوێنکاتەی تێدا دەژی وەرگێڕانی بۆ مێژوو.

تاریخ اکراد یان مێژووی ئەردەلان لێکەوتەیەکی دیکەی هۆشیاری مەستورەیە، زەرورەتی نوسینەوەی مێژووی کورد لەلایەن کوردێکەوە کە شەرەفخانی بەدلیسی ڕێچکەکەی نەخشاندبوو لە مەستورەدا مێژوونوسی کورد هەنگاوێکی دیکەی نا بەردەوامی پەیدا کرد، مەستورە لە بینا کردنی مێژووەکەیدا بە پشت بەستن بە چەندین دەلاقەی مێژووڕوانی لە وێنەی ئاینی، دەستەبژێری، ڕێکەوتگەرایی و بەخشینی ڕەوایەتی مێژووی زنجیرە فەرمانڕوایانی میرانی میرنشینی ئەردەلان نوسیوەتەوە. مەستورەی ناو فەزای کلتوری ئاینی ئەوان ڕەوشی مێژوونوسیەکەی بەدەر نیە لەکاریگەری ڕێبازی مێژوونوسی سونەتی ئێرانی- ئیسلامی. جیاکردنەوەی سنوری مێژووەکەی لە مێژووی ئێران، بنیاتنانی سەرەتایەک بۆ بوونی نەتەوەیی کورد لەمێژوودا لە ڕێگەی بەستنەوەی بە ئەفسانەی زوحاکەوە، خەونی بەردەوامیدان بەفەرمانڕەوایەتی میرنشینەکەی لەڕێگەی بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ئیمامی دووەمی مەزهەبی شیعە، ئەمە لە خۆیدا بەیانکردنی هۆشی نەتەوەیی و خواستی هەمیشە

هەبوونی قەوارەی دەسەڵاتی کوردییە لەلای مەستورە مانەوەی ئەوان لە مێژوودا بەندە بە داڕشتنی ئەو سەرەتایەی پیرۆزی لە ئیمامی ئەوان وەرگرتووە هەر ئەو پیرۆزیەش دەبێت بەردەوامی بەو قەوارەیە بدات بەتایبەت لە سەردەمی مەستورەدا دەسەڵاتی ناوەندی بەدەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆ میرنشین بەرەو ئاقاری نزیک لە کەوتن بردبوو. هەرچەند مێژووی ئەردەلان گێرانەوە و لە ڕوودانوسی سەرچاوەمێژوویەکانی(زبدە التواریخ، لب التوریخ) و ئەو مێژووەی خۆشی لە ڕیگەی ئامادەبوونی وەک بینەر و بیسەر بۆ نوسین هەڵبیژاردووە، بەدەر نیە لە سەرنجدان و بیرکردنەوەی مێژوونوسی. گرنگی ئەم کارەی مێژوونوسیەی مەستورە ئەوەندەی لەجورئەتی دەستبردنی ژنێکدایە بۆ کردەی نووسینەوە مێژوو ئەوەندە لە شێواز و میتۆدی نووسینەوەکەیدا نیە.

**سەرچاوە کوردی:**

١- ئەحمەد، کمال مەزهەر.(١٩٩٦). کورتەباسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. چاپی دووەم. بغداد .

٢- سندی، بەدرخان.(٢٠٠٨). کومەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا. وەرگێرانی: ئیسماعیل ابراهیم سەعید. دهۆک: چاپخانەی خانی.

٣- رۆحانی، بابەشێخ مەردۆخ.(٢٠١١). مێژووی ناودارانی کورد. وەرگێرانی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی.چاپی یەکەم. بەرگی دووەم. سنندج.

٤- کوردستانی، مەستورە.(١٩٨٩). مێژووی ئەردەلان. وەرگێرانی: د.حسن شکور جاف و شکور مصطفی. چاپی یەکەم. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەشی ڕۆشنبیری. ژمارەیەک لە نوسەران. ووتارەکانی فیستیڤاڵ ٥- کردستانی، مستوورە. (٢٠٠٢). مێژووی ئەردەلان. وەرگێران و لێکۆڵینەوەی: هەژاری موکریانی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٦- کۆمەڵێک لە نوسەران.(٢٠٠٥). بیرئانینی مەستورەی کوردستانی. چاپی یەکەم. هەولێر. بڵاوکراوەکانی ئاراس.

٧- فریدمەن، جیەن.(٢٠٠٦) فیمینیزم. وەرگێرانی: فەرشید شەریفی.سلێمانی. چاپخانەی کارۆ.

**سەرچاوە فارسی:**

٨- اردلان، مستوره(١٩٤٦) تاریخ اردلان، مقدمه تصحیح و تحشیه ناصر آزاد پور. سسندج. چاپخانه بهرامی

٩- اردلان، مستوره. (٢٠٠٥). تاریخ اردلان، مقدمه تصحیح و تحشیه جمال احمد آیین. اربیل: انتشارات اراس .

١٠- اردلان، خسروبن محمد بن منوچهر. (٢٥٣٦). لب التواریخ(تاریخ اردلان)٠ تهران: انتشارات کانون خانوادگی اردلان.

١١- اکبر، علی.(١٣٨٤). جغرافیا و تاریخ کردستان(حدیقه ناصریه و مرآت الضفر). چاپ دوم. تهران:انتشارات توکلی.

١٢- آفاری، ژانت.(١٣٨٥). انقلاب مشروطه ایران. چاپ سوم. مترجم: رضا رضایی. تهران، نشر بیستون .

١٣- آقایی،م، خانخانی،ق، فلاح زاده، ح، محمدی،ر. (١٣٨٦). تاریج تشیع. جلد یکم. جاپ جهارم. تهران: سازمان مطالعه تدوین کتاب علوم انسانی دانشگاه سمت.

١٤- براهنی، رضا.(١٣٦٣) تاریخ مذکر – فرهنگ حاکم و فرهنگ محکوم. تهران: آذر.

١٥-توین بی، آرنولد. (١٣٧٥). مورخ و تاریخ. ترجمه: حسن کامشاد. تهران:انتشارات خوارزمی.

١٦-دلریش، بشری.(١٣٧٥). زن در دوره قاجار. تهران: مؤسسه انتشارات سوره.

١٧- رایس. کلارا کولیور.(١٣٨٣). زنان ایرانی و راه و رسم زندگی آنان. ترجمه: ازاد اسدالله آزاد.تهران، نشر کتابدار.

١٨- روزنتال، فرانتس. (٢٣٦٦). تاریخ تاریخ نگاری در اسلام، مترجم: اسدالله آزاد. چاپ دوم٠ مشهد: مؤسسه چاپ و انتشاراتقآستان قدس رضوی.

١٩- زرین کوب، عبدالحسین. (١٣٧٥). تاریخ در ترازو. چاپ چهارم، تهران: مؤسسه انتشارات امیر کبیر .

٢٠- سنندجی، میرزا شکرالله. (١٣٧٥). تحفه ناصری تاریخ و جغرافیای کردستان. دروازه شمیران: امیر کبیر.

٢١- شاردن، ژان. (١٣٤٥) سیاحتامه شاردن، جلد هشتم، ترجمه: محمد عباسی. تهران: انتشارت امیر کبیر.

٢٢- عباس، قدیمی قیداری. (١٣٩٧) تاریخ نویسی در ایران نقد و بررسی منابع برگزیده(از ابو علی بلعمی ته میرزا آقاخان کرمانی)٠ چاپ دوم. تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه ها(سمت).

٢٣- قاضی، ملا محمد شریف. (١٣٧٩). زبده التواریخ سنندجی در تاریخ کردستان٠به کوشش محمد رئوف توکلی، تهران: انتشارات توکلی.

٢٤- قنبری، امید.(١٣٨٥). زندگینام، خدمات علمی و فرهنگی شاعر و مورخ نامدار کرد مستوره کردستانی. جلد اول. تهران: انجمن آثار و مفاخر فرهنگی.

٢٥- کسروی، احمد.(١٣٦٣). تاریخ مشروطه ایران٠ جلد یکم، تهران: ایشارات امیر کبیر.

٢٦- ناجی،م. جمعی از نویسندگان. (١٣٩٨). تاریخ و تاریخ نگاری. تهران:نشر کتاب مرجع.

٢٧- هابسابم،اریک. (١٣٨٥). عصر امبراتوری. چاپ دوم. مترجم: ناهید فروغان.تهران، نشراختران.

٢٨- یاسپر، کارل. (١٣٧٣). آغاز و انجام تاریخ٠ ترجمه: محمد حسن لطفی، چاپ دوم٠ تهران: انتشارات خوارزمی.

٢٩- یروفەیف، ن.آ. (١٣٦٠). تاریخ چیست٠ترجمر: محمد تقی زاد، نشر جوان.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

30- Ansari, Sarah and Martin, Vanessa. (2002). Women, Religion and Culture in Iran. New York, Routledge.

31- Keddie, Nikki R. (2007) Women in the Middle East PAST AND PRESENT. New Jersey, Princeton University Press.

32-Willem floor, And HASSAN JAVADI. (2010). The Education of Women and The Vices of Men. New York: Syracuse University press.

**گۆڤار:**

٣٣- لەشکری، حیدەر. (٢٠٢٠). مێژوو وەک دامەزرێنەری ناسنامە لە شەرەفنامەدا. گۆڤاری زانکۆی کۆیە. ژمارە ٣٤. ٢٠٠٥.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034